

نیان وەلی
یاریزانی فوتساڵی یانەی هەڵەبجەی شەهید:

# ڕۆشنبیری خێزانی گرنگە بۆ بەشداریکردنی خانمان لە وەرزیشدا

**تیپی فوتساڵی یانەی هەڵەبجە یەکێکە لەو تیپانەی کە لە دەڤەرەکە گرنگی بە یارییەکانی کچان دەدات، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاریی فوتساڵ لە سنووری هەڵەبجە تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای لە یانەکە کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بەم کچە یاریزانانە کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکات لە خولی فوتساڵی نایابی کوردستان کە بڕیارە لە ماوەی داهاتوو بەڕێوەبچێت، نیان وەلی یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە و لەدایکبووی ساڵی ٢٠٠٠ی شاری هەڵەبجەیە و قوتابیی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە لە زانکۆی هەڵەبجە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و ئەویش بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**
**فۆتۆ: شوعەیب سازانی**

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی فوتساڵ لە کوردستان چۆن دەبینی؟ ئایا پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە؟**

-ئاستی یاریی فوتساڵ مامناوەندە، چونکە لە ساڵانی رابردوودا بە هۆی ڕێگریی کۆمەڵایەتییەوە بە ڕێژەیەکی کەم خانمان پەیوەندیان کردووە بە یانەکانەوە، بەتایبەت فوتساڵ کە جموجۆڵی زۆری تێدایە، لەگەڵ ئەوەش لەلایەن یانەکانەوە گرنگییەکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، تەنیا بۆ خول و پاڵەوانیەتییەکان یاریزان ئامادەکراون و یەکێتی تۆپی پێی کوردستان خەمساردبووە لە کردنەوەی خول بۆ یانەکان کە ساڵانی رابردوو بە دوو

ساڵ جارێك خول دەكرایەوە، بەڵام لەم ساڵانەی دوایی بە ڕێژەیەكی زۆر باش بەرەوپێش چووە، چ لە ڕووی باری كۆمەڵایەتی و خێزانەكانەوە، چ لە ڕووی یانەكانەوە.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانیەتیی كەم تا چەند دەبێتە هۆكار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی هۆكارێكی زۆر گرنگە بۆ بەرەوپێشچوونی یاریی فوتساڵ، بەڵام لە كوردستان و عێراقیش بەداخەوە ساڵانە بە لایەنی زۆرەوە یەك پاڵەوانیەتی دەكرێتەوە، ئەمەش زۆر كەمە بۆ یاریزان بۆ ئەوەی ئاستی وەرزشیی خۆی پێشكەش بكات، بەم هۆیەشەوە ناتوانین وەكو پێویست گرنگی بە یاریی فوتساڵ بدەین.

*** پێت باشە چی بكرێت بۆ ئەوەی یاریی فوستاڵی كچان لە یانەكان و شارەكانی كوردستان بەرەوپێش بچێت ؟**

-هۆكاری بەرەوپێشچوونی یاریزان پەیوەستە بە یانە وەرزشییەكانەوە لەگەڵ یەكێتی تۆپی پێی كوردستان، دەبێت ئەم یەكێتیە وەرزشییە ساڵانە زیاتر لە پاڵەوانیەتییەك بكاتەوە بۆ ئەوەی یانەكان بتوانن ئاستی یاریزان بەرز بكەنەوە، لەگەڵ ئەوەش دەبێت یانەكان تەنیا بۆ خول و پاڵەوانیەتی یاریزان ئامادە نەكەن، چونكە دوای خولەكان بۆ ماوەیەكی زۆر بێ ڕاهێنان دەبن، بۆ بەرەوپێشچوونی یاریی فوتساڵ دەبێت یانە وەرزشییەكان و یەكێتی تۆپی پێی كوردستان ئەم یارییە فەرامۆش نەكەن.

*** گرفتی یارییەكانی فوتساڵ زیاتر لە چی دەبینی؟**

- لە یاریی فوتساڵ ئاستی ڕۆشنبیری خێزانەكان ڕۆڵی گرنگی خۆی هەیە بۆ زیاتر بەشداری كردنی خانمەكانمان لەم وەرزشەدا، یانەكانیش گرنگیی زیاتر بدەن بەم یارییە لە ڕووی ئامادەكردنی یاریزان بە شێوەیەكی نایاب و ئەكادیمی و لەگەڵ كردنەوەی خول و پاڵەوانیەتیەكان بۆ ئەوەی یاریزان ئاستی خۆی پێشكەش بكات.

*** لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشكەش نەكراوە؟**

- بەڵێ، لە چەند یانەیەكی دیاری كوردستان و عێراق هەڵی یاریكردنم پێدراوە، بەڵام لە ئێستادا لە یانەی وەرزشی هەڵەبجە بەردەوامم.

***لەگەڵ ئەوەی یانەكانی كوردستان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن؟**

-ئەگەر یانەكان گرنگی بە ڕاهێنەر و یاریزانەكانی خۆیان بدەن لە ڕووی ماددی و مەعنەوییەوە، لەوە دڵنیام كە یارییەكە بەرەوپێشەوە دەڕوات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونێكی تازەیە بۆ یانەكان ئەگەر پشت بە یاریزان و ڕاهێنەری بیانی ببەستن.

*** داواكاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- داواكاری من لەلایەنی بەرپرسی وەرزشی ئەوەیە كە زیاتر گرنگی بەم یارییە بدەن، بە دابینكردنی بڕە پارەیەك بۆ یانەكان و بۆ یاریی فوتساڵ لەگەڵ كردنەوەی خول و پاڵەوانیەتی بۆ پێشكەشكردنی ئاستی یاریزان.

*** بۆ داهاتووی خۆت وەكو كچە یاریزانێك بەنیازی چیت و خەونی وەرزشیت چییە؟**

-بەنیازی ئەوەم زیاتر ئاستی خۆم بەرز بكەمەوە، لە شارەكەشم هەوڵی دروستكردنی یاریزان بدەم، بۆ داهاتووی وەرزشی فوتساڵ لە خول پاڵەوانیەتییەكاندا. خەونی گەورەشم ئەوەیە بتوانم لە هەڵبژاردەی وڵاتەكەم یاری بكەم و هەوڵی بەدەستهێنانی نازناوەكان بدەم، لەگەڵ یارمەتیدانی هەموو ئەو یاریزانە بەهێزە شاراوانەی كە لە كۆمەڵگەی ئێمەدا حەشاردراون.



*** بە چ یاریزانێكی جیهانی سەرسامیت؟**

- بە كچە یاریزانی بەڕازیلی مارتا و لە كوڕانیش ڕامۆس.

*** ئەگەر شتێكت ماوە لە كۆتاییدا؟**

- بەهیوای ئەوەم لایەنی بەرپرسی وەرزشی گرنگیی زیاتر بە وەرزش بدەن، بەتایبەتی فوتساڵ چونكە یەكێكە لە وەرزشە دیارەكانی جیهان، زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵانیش دەكەم كە بەبێ جیاوازی خزمەتی وەرزشی شارەكانی كوردستان دەكات.

# ریال مەدرید یاریزانێکی لاو پەلکێش دەکات

براهیم دیاز یاریزانی نوێی ریال مەدرید بەشداریی یەکەمین پرێس کۆنفرانسی کرد و لە یەکەمین لێدوانیدا نهێنی هەڵبژاردنی ریال مەدریدی بۆ ئەوە گەڕاندەوە، کە باشترین یانەی جیهانە.

براهیم دیاز یاریزانی بەڕەسەن مەغریبی نوێی ریال مەدرید رایگەیاند بە هاتنی بۆ ریال مەدرید خەونەکەی هاتە دی، گوتیشی: رۆژێکی تایبەتە بۆ من و خانەوادەکەم، هەرگیز ئەم ساتانە لەبیر ناکەم، زۆر خۆشحاڵ و ئاسوودەم و تامەزرۆم بۆ یەکەم دەرکەوتنم بە درێسی ریال مەدرید و کاتێك بڕیارمدا لە مانچێستەر سیتی بڕۆم و ریال مەدرید ئۆفەرەکەی پێشکەش کردم، ٣ رێگەم هەڵبژارد، یەکەم پەیوەندیکردن بوو بە ریال مەدرید، دووەمیش هەر ریال مەدرید بوو، سێیەمیش ریال مەدرید بوو و هەمووان دەپرسن بۆچی ریال مەدریدم هەڵبژارد، بێگومان وەڵامەکەی زۆر ئاسانە، تەنیا لەبەرئەوەی ریال مەدرید باشترین یانەی جیهانە، پۆشینی درێسی ریال مەدرید وەك شەمەندەفەرێك وایە یەکجار بۆت رێکدەکەوێت و بە تەنیشتت تێدەپەرێت.

دیاز گوتیشی: هاتووم تا هەموو هەوڵێکم بۆ یارمەتیدانی تیپەکەم بدەم، تینووی یاریکردنم، ئامادەم هەموو رێنمایی و داواکارییەکانی راهێنەر جێبەجێ بکەم، کێشەم نابێت ئەگەر لە هێڵی پێشەوە یاری بکەم.

یاریزانە لاوەکەی ریال مەدرید گوتیشی: لە ئێستاوە تێدەکۆشم بۆ ئەوەی شوێنی خۆم لە پێکهاتەی سەرەکی ریال مەدرید جێگیر بکەم، ئامادەم بە باشترین شێوە لە پێناو پێکهاتەی سەرەکی مەشق بکەم.

براهیم دیازی ناوەراستکار لە ئەکادیمیای مان سیتی پێگەیشتووە، لەگەڵ تیپی لاوانی یانەکە لە کۆی ٣٣ یاری ١١ گۆڵ و ١٠ ئاسیستی هەیە، لەژێر سەرپەرشتی گواردیۆلاش ١٥ یاری لەگەڵ تیپی یەکەم کردووە و ٢ گۆڵی تۆما؛ر کردووە.



## پیپی گەڕایەوە وڵاتەکەی



یانەی پۆرتۆ بەفەرمی گەڕانەوەی پیپی بەرگریکاری پۆرتوگاڵی بۆ ریزەکانی راگەیاند.

دوای ئەوەی پیپی مانگی رابردوو گرێبەستەکەی بە رەزامەندیی هەردوولایان لەگەڵ یانەی بێشکتاشی تورکی هەڵوەشاندەوە، ئەو بەرگریکارە پۆرتوگاڵییە بەفەرمی جارێکی دیکە گەڕایەوە ریزەکانی یانەی پۆرتۆ و بۆ ماوەی دوو ساڵ تاکو وەرزی ٢٠٢١ گرێبەستی لەگەڵ یانەکەی پێشووی خۆی واژۆکردەوە.

پیپی ٣٥ ساڵان، کە پێشتر بۆ ماوەی ١٠ ساڵ درێسی ریال مەدریدی پۆشیوە، دوو ساڵ لە تورکیا یاری بۆ بێشکتاش دەکرد و سەرەڕای ئەوەی لەلایەن چەند یانەیەکی گەورەی ئەوروپای داواکرابوو، بەڵام بڕیاری دا بگەڕێتەوە یانە دێرینەکەی.

# میسر میوانداری پاڵەوانێتییەکی گەورە دەکات



یەکێتی تۆپی پێی ئەفریقیا بەفەرمی مافی میوانداریکردنی جامی ئەفریقای ٢٠١٩ دایە میسر، دوای ئەوەی کامیرۆن خۆی لە میوانداریکردنی پاڵەوانێتییەکە کشاندەوە.

یەکێتی تۆپی پێی ئەفریقیا وەڵاتی میسری راسپاردووە بۆ ئەوەی ئامادەکاریی بکات بۆ میوانداریکردنی پاڵەوانێتییەکە هەفتەی رابردوو لە داکاری پایتەختی سەنیگال رێککەوتن لەسەر هەڵبژاردنی میسر بۆ میوانداریکردنی پاڵەوانێتییەکە، دوای ئەوەی ١٦ دەنگی بەدەستهێنا.

لە هەڵبژاردنەکەدا ئەفریقیای باشوور تەنیا یەک دەنگی بەدەستهێنا، بە میوانداریکردنی ئەم پاڵەوانێتییە میسر دەبێتە جاری پێنجەم میوانداریی پاڵەوانێتییەکە دەکات، دوای ئەوەی لە ساڵانی ١٩٥٩، ١٩٧٤، ١٩٨٦ و ٢٠٠٦ میوانداریی پاڵەوانێتییەکەی کردبوو.

هانی ئەبوریدە، سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی میسر چەند رۆژێک لەمەوبەر چووەتە داکار بۆ ئەوەی بەرپرسانی یەکێتی تۆپی پێی ئەفریقیا رازیبکات میسر میوانداریی پاڵەوانێتییەکە بکات.

لە رکابەرییەکانی ئەمجارەی پاڵەوانێتییەکەدا بۆ یەکەمجار ٢٤ هەڵبژاردەی بەشداریی تێدادەکەن.



# بەرشلۆنە گرێبەستی لەگەڵ یاریزانێکی فەرەنسی مۆرکرد



یانەی بەرشلۆنە لە بەیاننامەیەکدا کرینی یاریزانێکی لاوی لە خولی فەرەنساوە بۆ هاوینی داهاتوو راگەیاند.

بەرشلۆنە لەسەر ماڵپەری فەرمی خۆی ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە گرێبەستیان لەگەڵ یاریزانی لاوی یانەی تۆلۆزی فەرەنسی (جان کلەیر تۆدیبۆ) مۆرکردووە.

جان کلەیر تۆدیبۆ جەستەیەکی بەهێزی هەیە و خاوەنی باڵایەکی بەرزە و دەتوانێت لە هێڵی بەرگری و ناوەڕاست یاری بکات و بەوە ناسراوە، کە دەتوانێت لە نێو یاریگە هەمان رۆڵی تیاگۆ سیلڤای بەرگریکاری بەرازیلی بگێڕێت و وەك ناوەراستکاریش بە هاوشێوەی ئەندریا پێرلۆ ناسراوە.

جان کلەیر تۆدیبۆی تەمەن ١٩ ساڵ یاریزانی هەڵبژاردەی لاوانی فەرەنسایە و ٣ ساڵە یاری بۆ تیپی لاوانی تۆلۆز دەکات، ئەم وەرزەش لە خولی فەرەنسا تەنیا ١٠ یاری کردووە یەك گۆڵیشی تۆمار کردووە.

# ئامانجی برایەتی خولی نایابی عێراقە



تیپی تۆپی پێی برایەتی هەر چەندە ئەمساڵ لە خولی نایابی کوردستان ئەنجامی وەکو پێویست نییە، بەڵام کارگێڕیی یانەکە ئامانجی گەورەی هەیە کە تیپەکە بگەیەننە خولی نایابی یانەکانی عێراقی هەتا شان بەشانی یانە گەورەکانی عێراق بجەنگێ، جیاوازیش لە سالآن کارگێڕیی یانەی وەرزشیی برایەتی ئەمساڵ گرێبەستی لەگەڵ چەندین یاریزانی کورد و عەرەب کردووە، بۆ ئەوەی تیپی تۆپی پێی یانەکە یەکێك بێت لە یانە رکابەرەکانی خولی یانە پلە یەکەکانی عێراق، لەم بارەشەوە فاتیح حەمە خان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «بەرنامەیەکی باشمان داناوە بۆ ئەوەی دەست بە مەشق و راهێنانەکان بکەین بۆ خولی پلە یەکی عێراقی، پێکهاتەی خولی عێراقیمان جیاوازە لەگەڵ خولی کوردستان تەنیا ئەوە نەبێت کە ئەمساڵ ژمارەیەك یاریزانی عەرەبمان هێناوە لە یانەکانی تر، لەگەڵ ژمارەیەك یاریزانانی کوردی خۆمان بەم یاریزانانەوە دەچینە نێو کێبڕکێیەکان. هەرچەندە ئێمە تۆزێك دواکەوتووین لە مەشقەکانمان بۆ خولی عێراق، ئەویش لەبەر تیپی کوردستان بوو، بەڵام ئەوە کاریگەری نابێ لەسەر ئاستی تیپەکەمان.» گوتیشی: «بەرنامەمان هەیە دوو یاریزانی پیشەگەر بهێنین، چەندین یاریزانیش هەیە وەکو ئێرانی و سووری و ئەفریقی بۆ ئەوەی بیانهێنینە ریزی تیپەکەمان، بەڵام تاکو نەچینە نێو ئامادەکارییە چڕەکانمان هیچ یاریزانێك ناهینین، بۆ ئەو خولە یاریزانانی کورد و عەرەبی باشمان هەیە بۆ ئەوەی تیپەکە بە شێوەیەکی باش ئامادە بکەین. ئامانجی منیش وەکو راهێنەر کە ئەو تیپەم وەرگرتووە، سەرخستنی یانەی برایەتتیە بۆ ریزی یانە پلە نایابەکان بەم ئامانجەش بەشداری دەکەین، هیچ کێشەو گرفتێکیشمان نییە لە هیچ روویەکەوە، تەنیا ئەو ماوە ئێمە دەست بە ئامادەکارییەکان بکەین و تیپەکە رێك بخینەوە بۆ خولی عێراقی.

## دهۆک چاوی لـــــــــ

هەرچەندە ئەم وەرزە یانەی وەرزشی دهۆك یەکێك لە یانە بەهێزەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان کە دوو وەرزە هیچ یارییەکی لە سەر یەکی نەدۆڕاندووە و چاوی لەوەیە رێکۆردێك لە خولە گەورەکەی کوردستان تۆماربکات، دەستەی راهێنەرانیش بە نیازی ئەوەن لە قۆناخی دووەمی خولەکە گۆڕانکاری لە ژمارەیەك لە یاریزانانی پیشەگەر بکەن و یاریزانی بەتواناتر بهێنین ریزی یانەکەیان بۆ ئەوەی ئامانجە گەورەکە بپێکن، لەم بارەشەوە هەرمان ساڵح، راهێنەری تیپی

تۆپی پێی یانەی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ تیپێکی باشمان کۆکردۆتەوە بۆ شەڕکردن لەسەر ئەنجامی باش لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان و کارمان لەسەر ئەوە کردووە کە ئەنجامman باش بێت و بگەینە پێشەنگی یانەکانی کوردستان لەم وەرزە، وەکو دەستەی راهێنەران و یاریزانانیش خۆمان زۆر ماندوو کردووە بۆ ئەوەی بتوانین لە گشت روویەکەوە ئامادە بین ئەنجامی باشتر بۆ یانەکەمان دەستەبەر بکەین، لە قۆناخی دووەمیش بە هەمان نە فە س یاری بکەین و درێژە





# سیروانی نوێ دەیەوێت ببێتەوە سیروانی نوێیەکەی جاران

تیپی تۆپی پێی یانەی سیروانی نوێی شاری سلێمانی ئەم وەرزە لە کۆمەڵەی یەکەمی خولی یانە پلە یەکەکانی کوردستان یاری دەکات لە کۆی ئەنجامدانی پێنج یاری خولەکەش لە پێشەنگی یانەکان دێت، کارگێڕانی یانەکەش چاویان لەوەیە جارێکی تر یانەکەی شاری سلێمانی بگاتەوە ریزی یانەپلە نایابەکانی کوردستان لەم بارەشەوە رزگارعەلی راهێنەری یانەکە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» ئامانجی ئێمە لەم وەرزەدا سەرخستنەوەی تیپی تۆپی پێی سیروانی نوێیە بۆ خولی یانە پلە نایابەکانی کوردستان بۆ وەرزی نوێ ئەوە ئەرکی سەرشانی ئێمەیە وەکو راهێنەر، گوتیشی تا ئێستا هیچ بەرنامەیەکمان نییە بۆ ئەوەی گۆڕانکاری لە ریزی یانەکەمان بکەین، ئەگەر یاریزانی باش هەبێ و توانامان هەبێ ڕەنگە یاریزان بهێنین، بەڵام ئێستاش هیچ گرفتێکمان نییە، تاکە ئامانجی ئێمەش وەکو راهێنەر سەرخستنەوەی یانەکەیە بۆ خولی نایابی کوردستان،خولی پلە یەکیش جیاوازی زۆرە لەگەڵ خولی پلە نایاب، خولی نایاب دوو قۆناخە و یاری زیاترە، خولی پلە یەکیش کۆمەڵەیە یانەکانیش لەم خولە ئاستیان لێك نزیکە لە زۆربەی یارییەکان یاریزانەکانیش لە هەموو یارییەکان و تاکو کۆتایی خول ئاستی جێگیر نییە لە یارییەکەوە بۆ یارییەکی تر جیاوازی هەیە، وەکو دەستەی راهێنەرانیش هەموو هەوڵێك دەدەین سیروانی نوێ بکەینەوە سیروانی نوێیەکەی جاران و بگەرینەوە خولە گەورەکەی کوردستان.

## ـــــە ئەنجامی گەورەیە

بدەین بە ئەنجامە باشەکانمان، ئامانجی ئێمەش بۆ قۆناخی یەکەم ئەوەیە بتوانین لە ریزبەندەکانی سەروو بین بۆ ئەوەی لە قۆناخی دووەم بە هێنانی چەند یاریزانێك زیاتر ئاستمان بەهێزتر بکەین.» لەبارەی پلانی یانەکەش هەرمان گوتی: «پلانی ئێمە بۆ ئەوەیە لە قۆناخی داهاتوو ئاستی یانەکەمان بەرز بکەینەوە بەرنامەی ترمان دەبێت کە جارێکی تر خۆ بەهێزکردنە بۆ ئەوەی زیاتر بەهێز بین، گرفتی ئێمەش لە هێڵی هێرشبردنە، ئەویش بە هێنانی یاریزانێکی بەتوانا لە یەکێك لە

یانەکانی عێراقی چارەسەر دەبێ، ئێستاش کۆمەڵێك یاریزان ئامادەن بۆ ئەوەی تاقییان بکەینەوە، جگە لەوەش یاریزانێك دەهێنین بۆ هێڵی ناوەڕاست بۆ ئەوەی گرفتەکانمان بە تەواوی بنبڕ بێت، سوپاسی یانەکەشمان دەکەین کە سەرجەم مووچەکانیان بۆ یاریزانان دابین کردووە، هیوای منیش وەکو راهێنەر ئەوەیە کە ئەنجاممان باش بێت و متمانەی تەواویشمان بە تەواوی یاریزانان هەیە کە دەتوانین ئەنجامی باشتر پێشکەش بکەین و هیچ گرفتێکیش لە ریزی یانەی دهۆك بوونی نییە.»

